لە شاری هەولێر هەمەتی "نا بە بەفڕدانی ئاو" بڕووچوو

لە شاری هەولێر هەمەتی نا بە بەفڕدانی ئاو بڕووچوو.

ئەوارەی ئەمڕە یەکشەممە، بەئامادەبوونی ئاری ئەحمەد، بەڕێوبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆی هەرێم و بەڕێوبەری ئاودێری و بڕووبەری ئاوی هەولێر و بەڕێوبەری ئاوی ژێر زەوی و بەڕێوبەری بەنداوەکان و ئەندامانی ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەولێرو ژمارەیەک لە چالاکوانان، کەمپەی پاراستنی ئاو بە هاوکاری ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەولێر، هەڵمەتێکی تایبەتی لە ڕۆژی جیهانی ئاو لەژێر دروشمی نا بە بەفیڕدانی ئاو ڕێکخست.

پارێزگاری هەولێر، لە مەراسیمەکەدا جەختی لەسەر گرنگی پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو کردەوەو ڕایگەیاند، کەوا لەئێستادا قەیرانی کەمی ئاو هەموو عێراقی گرتەتەوە، بەیە ئەگەر ئاو بە شێوەیەکی ڕەشنبیرانە و بە گوێرەی ڕێنماییەکان بەکار نەهێنرێ، ئەوە کێشەکانی ئاو زیاتر دەبن، داواشی کرد ئاوی پاکی خواردنەوە بە پێی پێویست بەکار بهێنرێ، چونکە ئاو سەرچاوەی ژیانە، بریاریشە ئەم هەڵمەتە لە قوتابخانەکان وەک ڕێنمایی بەردەوام بێت.